# سیلەی ڕەحم

## کێ دەگرێتەوە و چۆن بەجێی بهێنین؟




نووسینی

د. إحسان برهان الدين

# سیلەی ڕەحم

## کێ دەگرێتەوەو چۆن بەجێی بهێنین؟

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

له راستیدا ئەم باسە وردەکاری تێدایە و قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا بە پێی توانا و لە ڕۆشنایی قسەی زانایان و بە ڕەچاوکردنی گرنگیدان بە هەندێ لەو پرسیار و داوای ڕوونکردنەوانەی خوێنەران بۆیان ناردووم، هەوڵ ئەدەم ئەم باسە لە کۆمەڵە خاڵێکدا بە پوختی بخەمە ڕوو:

1 -بە جێ گەیاندنی سیلەی ڕەحم و خزمایەتی چەمکێکی سەرەکییە لە ئیسلامدا و زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە و ئەوکەسەش کە بەباشی بە جێی بهێنیت لە ئیسلامدا زۆرستایش کراوە و بەڵێنی بەهەشت و پاداشتی گەورەی پێ دراوە، الله تعالی فەموویەتی: {وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ} هەروەها فەرموویەتی: {وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَبِذِي الْقُرْبَى}.

2 -بە پێی فەرمووده سەحیحەکان سیلەی ڕەحم دەبیتە مایەی چوونە بەهەشت و ڕەزامەندی پەروەردگار و پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم ڕاسپاردەی راستەوخۆی پی کردووە: (أوصاني خليلي صلَّى اللهُ عليه وسلَّم أن لا تأخذَني في اللهِ لومةُ لائمٍ وأوصاني بصلةِ الرحمِ وإن أدبرَت) ئەو کەسەش سیلەی رەحم بەجێ نەهێنێ و بیپچڕێنی هەڕەشەی دوورکەوتنەوە ونەچوونە بەهەشتی لێ کراوە: لا يدخلُ الجنةَ قاطعُ رحمٍ(

بەڵام ئەو خزمانە کێن کە واجبە لەسەرمان سەردانیان بکەین و پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبێت و نەیپچڕێنین؟ بە شێوازێکی تر ئەرحامەکان کێن کە فەرمانمان پێکراوە سیلەیان بکەین؟

3 -زانایان لەو بارەوە - وەکو شێخ محمد صالح المنجد و شێخ سليمان العلوان- دەڵێن سێ ڕا و بۆچوونیان لەو بارەوە هەیە:

یەکەم: ئەو کەسانە ئەگریتەوە کە مەحرەمن ومارەیان لەکەسەکە نایەت.

دووەم: ئەوانە ئەگرێتەوە کە میراتیان بەردەکەوێت( میراتگرەکان).

سێیەم: ئەو خزمانە دەگرێتەوە کە بەنەسەب ( بە پشت) خزمن بەدەر لەوەی میراتگر بن یان نا.

4 -خزمان و کەس و کاری ئافرەتیش بە (أرحام) ناژمێردرێن بۆ مێردەکەی، نە خزم و کەس و کاری مێردیش بە (أرحام) دادەنرێن بۆ ئافرەتەکە.

لەسەر ئەو بۆچوونی ئەوانەش کە سێیەم پێناسە بۆ ئەرحام پەسەند ئەکەن، گرنگترین و نزیکترین ئەو

ئەرحامەی پێویستە بە جێ بگەیەنرێن و چاکەیان لە گەڵ بکرێت دایك و باوكە، ئینجا باپیرە و داپیرەو كوڕو كچ و كوڕەزا و كچەزا وبراو خوشك و برازاو خوشكەزا ومام و پور و خاڵ ومناڵەكانیان، بەڵام بەیەك ئاست و دەرەجە واجب نییە بەڵكو الأقرب فالأقرب واتە: تا نزیكتر بێت مافی زۆرترە.

5 -هەندێ لە زانایانیش بۆچوونی یەكەمیان لا پەسەندتر و راسترە بەو پێیەش بۆ نموونە ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزا بە ئەرحام حساب ناكرێن و واجب نیە لەسەرت سیلەی ڕەحمیان لەگەل بە جێ بهێنیت، ئەگەرچی چاكترە چاكەیان لەگەڵ بكەیت و بەسەریان بكەیتەوە بەڵام بە پێی بۆچوونەكە وەكو واجب نییە.

بەهەرحاڵ لە مەسەلەی سیلەی ڕەحمدا پێویستە وەكو وتمان بە بنەمای (الأقرب فالأقرب) كار بكرێت، واتە: تا

نزيك تر بێت لێت مافی زۆرترە لەسەرت و تا دوورتر بێت کەمترە، کەسیش نییە هێندەی دایك و باوك مافی لەسەر مرۆڤ هەبێت، هەندێ زانا نموونەی لەسەر ئەم بنەمایە ئەهێننەوە بەوەی : ئەگەر کەسێك برایەك و مامێك وئامۆزایەکی هەبێت هەرسێکان هەژار بن، ئەمیش توانای ئەوەی نەبێت هاوکاری هەموویان بکات، لەو حاڵەتەدا بە پارە یارمەتی براکەی ئەدات و بە شێوەی تر سیلەی ڕەحم لە گەڵ مام و ئامۆزاکەیدا بە جێ ئەهێنێت، بەڵام ئەگەر براکەی حاڵی مادی باش بوو، لەو حاڵەتە پارەکە بەبراکەی نادات و ئەیدا بە مامی یان ئامۆزاکەی.

6 -بەڵام ئەو هەڕەشەی کە هاتووە لەسەر ئەوکەسەی سیلەی ڕەحم ببڕێت ناچێتە بەهەشتەوە بێگومان وەکو زانایان فەرموویانە ئەوەیان تایبەتە بە پەیوەندی نێوان ئەوانەی مەحرەمی یەکن و مارەیان لە یەکتر نایەت، یان ئەگەر بڵێین یەکێکیان ئەگەر پیاو بووایە مارەیان

لەیەکتر نەدەهات، ئەوانە نابێت پەیوەندی بەتەواوەتی لەگەڵیاندا بپچڕێنی، مەگەر بۆ غەیری باوك و دایك و بە هۆکاری تر لە ڕووی وابەستەنەبوونی کەسەکە بە دینی ئیسلامەوە یان دژایەتی کردنی بۆی کە ئەویش هەندێ وردەکاری تێدایە.

7 -ئینجا سیلەی رەحم - وەکو ئەواوی فەرموویەتی - بریتییە لە چاکەکردن لە گەڵ خزمە نزیکەکانتدا، بە پێی پێویست و ئەو بارودۆخەی بۆ هەردولا دەگونجێت، دەکرێت ئەگەر کەسەکە دەوڵەمەند بێت بە پارەو یارمەتی دارایی سیلەی ڕەحم بە جێ بهێنێت، دەکرێت بە خزمەت کردن و هاوکاری کردنی جۆراوجۆری تر بێت، دەکرێت بە سەردان و بەسەرکردنەوە بێت، یان بە سەلام کردن بێت، یان بە پرسیار کردنی ئەحواڵ بێت، واتە: مەسەلەکە بە پێی پێویستە و مەرج نییە سیلەی رەحم تەنها سەردانی و بەسەرکردنەوە بێت، تەنانەت فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە و دوعاو نزا کردن بۆ

کەسەکە و نەسیحەت کردن و ڕێنوینی کردن بۆ کاری چاکەش بە جۆرێك لە سیلەی ڕەحم و بە جێ گەیاندنی مافی خزمایەتی دەژمێردرێت.

8 -هەروەها نامە وپەیوەندی تەلەفۆنی و هاوشێوەکانی ئەوەش جۆرێکە لە بەجێهێنانی سیلەی ڕحم، بەمەرجێك - وەکو ابن باز ی موفتی پێشووی سعودیە دەڵێت - پێویستییەکی وا نەبێت کە پەیوەندی تەلەفونی و نامە قەرەبووی سەردانەکە نەکات لەبەر پێویستییەکی دیاری کراو، ئەگینا پەیوەندی تەلەفونیش باشە و جۆرێکە لە جۆرەکانی گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و دەچێتە بابی سیلەی ڕەحمەوە.

بە کورتی: سیلەی ڕحم واتە گەیاندنی زۆرترین خزمەت و چاکە پێیان و لابردنی زۆرترین خراپە وئازار لەسەریان بە پێی توانا.

**9 -بنەمایەکی تری گرنگیش هەیە لەم مەسەلەدا ئەویش: ( لا یکلف اله نفسا الا وسعها) واتە: سیلەی ڕەحم بە گوێرەی توانا بە جێ ئەهێنرێت و ئەگەرنەتتوانی هیچت لەسەر نییە، بۆنموونە توانای یارمەتی مادیت نییە، توانای سەردانت نییە لەبەر هەر هۆکارێکی دەرەوەی توانای خۆت.**

**10 -ئینجا شەرع هیچ کاتێکی دیاری کراوی دانەناوە بۆ ئەوە مەسەلە، بۆ نموونە لە مەسەلەی سەرداندا بڵێ ئەبێت شەش مانگ جارێك یان ساڵی جارێك سەردانی خزمەکانت بکەیت، کاتی بۆ دیاری نەکراوە و گرنگ ئەوەیە بڕینەوەی پەیوەندی نەبێت و ئەگەر بەشێوەیەك نەتتوانی سیلەی رەحم بە جی بهێنی بە شێوەیەکی تر کەسەکە حالی بکەیت کە من پەیوەندیم لەگەلت نەبڕیوەتەوە، زانا هاوچەرخەکانیش - وەکو ابن عثیمین وزانای تر - فەرموویانە لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلە**

شەرع دیاری نەکردووە، بە پێی عورف و عادەت ئەبێت بە جیبهێنرێت.

بۆ نموونە وەکو هەندێ زانای تر فەرموویانە ئەگەرنەتتوانی سەردان و پەیوەندی خزمانت بکەیت بەهۆی زۆری ژمارەیان یان سەرقاڵی زۆری خۆت، دەکرێت هەلی بۆنەکان بقۆزیتەوە وەکو جەژنەکان، یان کاتی بۆنە خۆش و ناخۆشەکانیان ئامادە بیت، ئەویش بە مەرجێ ئەو بۆنەو کۆبوونەوانە سنووری شەرعی تێدا نەبەزێنرێت، ئەگینا لەو حاڵەتە درووست نییە بە بەهانەی سیلەی ڕەحمەوە تێکەڵی حەرام و کاری ناشەرعی بکەیت نەخوازەڵا واجبیش بێت لەسەرت..

11 -زانایان هەر لەم بارەوە باسی مەسەلەیەکی تریان کردووە ئەویش بریتییە لەوەی ئەگەر خزمەکەت یان براو خوشکەکەت کەسێکی بێ دین و لادەر بوو لە

ئیسلام، ئایا هەر واجبە سیلەی ڕەحم و سەردانی لەبەرخزمایەتی بکرێت؟

لە وەڵامدا فەرموویانە نەخێرواجب نییە، مەگەربۆ ئەوە بێت ئامۆژگاری بکەیت و بۆ ئیسلام بانگی بکەیت، ئەگەر ئەوە بێ سوود بوو یان ترسی هەبوو بە گومانەکانی کاریگەر بێت، لەو حاڵەتەدا نەك واجب نییە، بەڵکو درووستیش نییە سەردانی بکات با برایشی بیت، بەڵام ئەتوانێت دیاری بۆ بنێرێت و قسەی نەرم و نیان وباشی لەگەڵ بکات بە هیوای ئەوەی هیدایەت وەرگرێت، هەر لەم بارەشەوە پێشەوا بوخاری بابێکی لە سەحیحەکەیدا هەیە بە ناونیشانی: (باب صلة الأخ المشرك) وباسی بەسەرهاتی پێشەوا عومەرئەکات رضي الله عنه کە پۆشاکێکی خۆی بۆ برایەکی بتپەرستی لە مەککە ناردووە ، الله تعالى دەفەرموێت: (لا تجد قوماً يؤمنون بالله واليوم الآخر يوادون من حاد الله ورسوله

ولو كانوا آباءهم أو أبناءهم أو إخوانهم أو عشيرتهم أولئك كتب في قلوبهم الإيمان).

ابن عثيمين لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئافرەتێك کەس و کارەکەی دژ بە ئیسلامن ئایا درووستە سەردانیان بکات و ناچێتە بابی موالاتەوە، دەڵێت: نەخێر ئەوە دوو مەسەلەی جیاوازن و ئەتوانێت سەردانیان بکات بەمەرجێك ترسی لەسەر دینی خۆی نەبێت لێیان و تیکەڵی کاری ناشەرعییان نەکات و ئەگەریش بتوانێت ئامۆژگارییان بکات.

12 -پرسیار لە شێخ محمد صالح المنجد کراوە سەبارەت بە حوکمی پەیوەندی لەگەڵ خزمی نزیك ئەگەر بە یەقین لە ئیسلام هەڵگەرابوویەوە، ئەویش لە وەڵامدا وتی:

*پێویستە لە بێ دینییەکەی خۆت بەری بکەیت و حاشای لێ بکەیت.

*خۆشەویستی و پشتگیری کردنی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

*پێویستە ئامۆژگاری بکەیت و بۆ ئیسلام بانگی بکەیت.

*درووستە سەردان بکرێت بۆ کەسێك کە توانای نەسیحەت کردنی هەبێت و ترسی لە خۆی نەبێت بکەویتە ژێر کاریگەری گومانەکانی.

*درووستە دیاری بۆ ببرێت بەمەبەستی ڕاکێشانی بۆ ئیسلام.

*بڕینی پەیوەندی و دابڕان لێی ئەگەر سوور بوو لەسەر بێ دینییەکەی بۆ ئەوەی خزمانی تریش لە حاڵی ئاگەدار بن و سەردانی نەکەن.

13 -ئەگەر کەسێك باوك و دایکی و خوشکو برای، موشریك و بێ دین بن، یان موبتەدیع بن و بە بیدعەی عەقیدی گەورەوە تێوەگلابن، ئایا مافی سیلەی ڕەحمیان

هەر ئەمێنێت؟ شێخ عبدالرحمن ناصر البراك پاش ئەوەی هەنێ ئایەت و فەرمووده بەبەڵگە ئەهێنیتەوە لە وەڵامدا ئەڵێت: بەڵێ پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم فەرموویەتی: "يا معشر قريش لا أغني عنكم من الله شيئاً إلا أن لكم رحماً عندي سأبلها ببلالها". بەڵام جەختیش لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە چاکترین چاکە و سیلەی ڕەحم ەگەڵیان ئەوەیە ئامۆژگاریان بەیت و بانگیان بۆ کیتاب و سوننەت بکەیت، هەروەها نابێت ڕوپامایی و ڕەزامەندی نیشان بدات لەسەریان، بەڵام سەبارەت بە غەیری باوك و دایك ئەڵێت ئەگەر بۆ نمونە دوژمنی ئیسلام بیت یان جنیو بە هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم بدات و شتی لەو جۆرە ئەوە پێویستە پەیوەندی لەگەڵدا ببڕیتەوە.

14 -درووست نییە و هەڕەشەی توندی لەسەرە ئەگەر بەبێ هۆ، یان لەبەر هۆکاری شەخسی و دەروونی، یان بە هۆیەکی دونیاییەوە پەیوەندیت لە گەل کەسە

نزيكەكانتدا ببڕيتەوە، تُعْرَضُ الأَعْمَالُ فِى كُلِّ يَوْمِ خَمِيسٍ وَاثْنَيْنِ فَيَغْفِرُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِى ذَلِكَ الْيَوْمِ لِكُلِّ امْرِئٍ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا إِلاَّ امْرَأً كَانَتْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَخِيهِ شَحْنَاءُ فَيُقَالُ اتْرُكُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا اتْرُكُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا. رواه مسلم.

15 -ئەگەر تۆ هەر سەردانی کەسە نزيكەكانت كردو ئەوان نەيان كرد، بەڵام بەڕاستەوخۆ يان نا ڕاستەوخۆ پێ ناخۆش بوونی خۆيان لەسەردانەكەت نيشان نەدا، ئەوا تۆ ناو بەناو هەر بەردەوام بيت لەسەر سيلەی ڕەحم زۆر باشترە و لە فەرموودەی سەحيحدا بەڵێنی پاداشتی گەورە بەو جۆرە كەسانە دراوە: نَّ رَجُلًا قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ لِي قَرَابَةً أَصِلُهُمْ وَيَقْطَعُونِي، وَأُحْسِنُ إِلَيْهِمْ وَيُسِيئُونَ إِلَيَّ، وَأَحْلُمُ عَنْهُمْ وَيَجْهَلُونَ عَلَيَّ فَقَالَ: لَئِنْ كُنْتَ كَمَا قُلْتَ فَكَأَنَّمَا تُسِفُّهُمْ الْمَلَّ، وَلَا يَزَالُ مَعَكَ مِنْ اللَّهِ ظَهِيرٌ عَلَيْهِمْ مَا دُمْتَ عَلَى ذَلِكَ. رواه مسلم.

16 -ئینجا لە راستیدا ئەگەر تۆ بڕۆیت و ئەوان بین، تۆ پەیوەندی تەلەفۆنی بکەیت و ئەوان بیکەن ئەوە کارێکی باشە و وەڵامدانەوەی هەڵوێستی بەرانبەرە، بەڵام لەوە گرنگترو شایستە تر بۆ پاداشت ئەوەیە تۆ بڕۆیت و ئەو نەیەت، تۆ پەیوەندی بکەیت و ئەو نەیکات وەکو لە فەرموودەدا هاتووە: لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ، وَلَكِنْ الْوَاصِلُ الَّذِي إِذَا قُطِعَتْ رَحِمُهُ وَصَلَهَا. رواه البخاري.

17 -ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە کەسو کاری ژن بۆ مێردەکەی و بە پێچەوانەشەوە بە ئەرحام دانانرێنو واجب نییە لەسەریان سیلەی ڕەحم بەرانبەریا بەجی بهیننوەکو واجب بوون، بەڵام تا لە بازنەی شەرعدا بێت هەر بیکات باشترە و بەردەوام چاکەیان لەگەل بکات باشە، لەسەر ئەو بنەما ئەگەر کەسێك چوو بۆ ماڵی خزمەکانی خۆی و هاوسەرەکەی نەبرد یان خۆی حەزی نەکرد بیت و بە پێچەوانەشەوە لەبەر هەر

هۆکارێك بە تایبەتی ئەگەر ڕێگری شەرعی و پاساوی شەرعی هەبوو، لەو حاڵەتە ئاساییەو گوناهیان ناگات.

18 -زانایان باسی پێوەرێکی گرنگیان لەم بارەوە کردووە، کە وەڵامی زۆرێك لە پرسیارەکانی خوێنرانیش لە خۆ دەگرێت، ئەویش ئەوەیە: سیلەی ڕەحم بێگومان واجبە، بەڵام تا ئەو کاتە واجبە کە نەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە دینی کەسەکە، لەو حاڵەتە واجب نییە و درووستیشە پەیوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە بپڕیتەوە، لەمبارەشەوە ابن عبد البرکۆدەنگی زانایان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (أجمعوا على أنه يجوز الهجر فوق ثلاث، لمن كانت مكالمته تجلب نقصاً على المخاطب في دينه، أو مضرة تحصل عليه في نفسه أو دنياه، فرب هجر جميل خير من مخالطة مؤذية).

19 -ئەوەشی لە قسەی زانا هاوچەرخەکان تێگەیشتم لە کاتی خوێندنەوەکانم لەسەر ئەم مەسەلە ئەوەیە،

ئەوانەی گومان دەبەن ئەگەر سیلەی ڕەحمیان بە سەردان کردن بەجیّ بهێنن خۆیان و ماڵ و منالْیان ناچاری تێکەڵ بوون بن بە کەسانی دوور لە دین و دووچاری مامەڵە کردن بن لە گەڵ شتی ناشەرعی و تووش بوونی گوناه و تاوان، چاکترین ڕێگە چارە بۆ ئەوەی ئەگەر وەکو موویەکی باریکیش بووە پەیوەندییەکە هەر بمێنیتەوە و ئەتوانن ماوەی جارێك بە تەلەفۆن یان بە نامە و ئیمەیڵ و ئەو جۆرە هۆکارانە پەیوەندی و هەوأل پرسینیان ان لە گەلیان هەبێت، چونکە پێوەر ئەوەیە سیلەی ڕەحم لەبەر ئەوەی فەرمانی الله و پێغەمبەرەکەیەتی بۆیە بە جێی ئەهێنین، جا ئەگەر بە دڵنیاییەوە بوو بە مایەی شکاندنی فەرمانی ئەوان و توورەبوونیان، ئەوا جێبەجینەکردنی ئەبێتە واجب نەك جێبەجێکردنی، ئەوەشی کە حاڵەتێکی جیاوازی هەبێت و لە هەموو حاڵەکانیاندا جۆرێك لە چاوپۆشی لە گەل بکرێت لە سنوورێکدا تەنها دایك و

باوکە کە لە هیچ حاڵەتێکدا پەیوەندییان نابێت لە گەڵدا ببڕێتەوە.

إحسان برهان الدين

18 رجب 1440/3/ 25-3-2019

سلێمانی